# نامۆیی لە ڕۆمانی (نازیلا)ی یاسین خێڵانیدا

م.ی ساکار ئەکرەم حمەساڵح

زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی زانست و تەندروستی/
بەشی کیمیا
Sakar.akram@koyauniversity.org

د.ڕۆژگار محمد صابر

زانکۆی کۆیە / فاکەڵتی پەروەردە/
بەشی زمانی کوردی
Rozhgar.muhammed@koyauniversity.org

**پوختە:**
کاتێک مرۆڤ هەست و پێوەندییە مرۆییە شاراوەکانی و پێویستییە مرۆڤایەتییەکانی ون دەکات، هەست بە بێتواناییی خۆی دەکات، لە نەبوونی کاریگەری بەسەر هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەریدا، خۆی لە خۆیدا هەستکردنە بە دابڕان و جیابوونەوەی مرۆڤ لە تەوژمە کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکان. نامۆیی دۆخێکە، کە مرۆڤ هەست بە بێتوانایی لە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی خۆیدا دەکات، مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، نامۆبوونیش لە ئەنجامی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت کە مرۆڤەکان تێک دەشکێنێت و ناوەڕۆکە مرۆییەکەی لێ دەسێنێتەوە. نامۆیی بە شێوەیەکی گشتی بەسەر ئەدەب و هونەری سەردەم و مێژووی بیری کۆمەڵایەتیدا باڵی کێشاوە. نامۆبوون لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکان دەردەکەوێت، کە گۆشەگیرن، سیفاتە دیارەکانی کارەکتەری نامۆ ئەوەیە، کە هەست بە تەنیایی و گۆشەگیری دەکات، دیاریدەیەکی ترسناکی ناو کۆمەڵگەیە، کاریگەرییەکی زۆری خستووەتە سەر تاک و دایبڕاندوون لە کۆمەڵگە، ئەمەش زیاتر بەهۆی هۆکارەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەرزبونەوەی ئاستی سەرمایەداری، بە تایبەت کاریگەری لەسەر چینی گەنجان. ئەگەر سەیری هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بکەین، بە جۆرێک نامۆیە کە لە ڕووخساریان ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە نامۆبوون بووەتە جێگەی سەرنجی توێژەران، لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، دەروونناسی، ڕامیاری، هۆشیاری کۆمەڵگە، زانستی، فەلسەفی، پەروەردەیی و ئەدەبی.

کلیلەوشە : نامۆبوون، گۆشەگیر، خۆشەویستی، ئیرەیی، گومان.

پێشەکی:

مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە کاروانی ژیانیدا لە ژێر کاریگەریی دوو ژینگەی سەرەکیدایە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی سیاسی، مەسەلەی گەڕان بە دوای پرسیارە چارەنووسسازەکانی نەبوونی دادگەریی کۆمەڵایەتی و دژوارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕووە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی دیمەنە جیاجیاکانی نێو خەڵک، هەموو ئەمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کار لە چۆنییەتی و چەندایەتیی پێکهاتە و ڕەفتاری ناوەوە و دەرەوەی کەسایەتیی مرۆڤ دەکەن. گومانی تێدا نییە ئەدەب هەڵقووڵاوی ناو کۆمەڵە و کۆمەڵیش بەدەر نییە لە کارلێکی ڕەفتاری تاکە کەسەکان، کە دواجار هەموو ئەمانە لە نێو بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ دەدەنەوە. هەوڵ دەدەین لەم توێژینەوەیەدا، نامۆبوون لە ڕۆمانی نازیلای یاسین خێڵانی بخەینە بەر باس و شی بکەینەوە و باردۆخی کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە ببەستینەوە بە ژیانی واقیعی حاڵەتی نامۆییی تاکەکانی کورد.

ناونیشانی توێژینەوەکە:

نامۆیی لە ڕۆمانی (نازیلا)ی یاسین خێڵانیدا.

گرینگیی توێژینەوەکە:

گرینگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، سەرەڕای ئەوەی چەند توێژینەوەیەکی تر کراوە دەربارەی نامۆیی، بەڵام توێژینەوەیەکی تایبەت نەبوو کە تیشک بخاتە سەر کێشە خێزانییەکان لە کۆمەڵگە و گرێ دەروونییەکان بخاتە ڕوو، کە چەند کاریگەری هەیە لەسەر تێکچوونی خێزان و کۆمەڵگە. ئەم توێژەرانەی کە پێش ئێمە کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، چەند ڕۆمانی جیاوازیان بەکار هێناوە، ئێمە نموونەی یەک ڕۆمانمان وەرگرتووە، کە سەرتاپای ڕۆمانەکە هەموو جۆرەکانی نامۆبوونی تێدایە، بۆیە بە گرینگمان زانی کاری لەسەر بکەین. هەروەها گرینگیەکەی لەوەدایە کە پەرە بە زیادبوونی سەرچاوە دەربارەی نامۆبوون بدەین، بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا کە بەڕێژەیەکی زۆر کەم لە لایەنی ئەدەبی کوردییەوە لەسەری نووسراوە.

پێشینەی توێژینەوەکە:

ئەوەی بەر چاوی ئێمە کەوت سێ نامە بوو یەکێکیان بە ناوی (نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا) لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن شیرین سعید محمد سعیدەوە پێشکەشی بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ئەوی تریشیان بە ناونیشانی (نامۆیی لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٧٥- ٢٠٠٠) لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن ئارام محمد قادرەوە پێشکەشی بە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە. ئەگەر سەرنج بدەین، هەردوو نامەکە تایبەتن بە ژانری شیعری، نامەی سێیەم، نامەیەکی ماستەرە بەشێوازی تۆکمە، کاری لەسەر نامۆبوون و جۆرەکانی لەسەر ڕۆمان کردووە، بە ناوی نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عمر)دا، لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن سەرکەوت سەعید قادر، پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین کردووە، توێژەرانیش لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەم مژارە ئاڵۆز و بەپێزە لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

گیروگرفتی توێژینەوەکە:

بە حوکمی ئەوەی نووسەرەکە کوردە و لە تاراوگە ژیاوە، بۆیە کارەکتەری ئەورووپی هەڵبژاردووە، ڕووداوەکانیش هەڵقووڵاوی کۆمەڵگەی کوردین، بۆیە تا ڕادەیەک ئەکتەر و ڕووداوەکان پێچەوانە دەبیندرێن. بەڵام نامۆیی پێوەندی بە ڕووداوەکانی ژینگەی تایبەتی تاکی ناو کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە نامۆییی تاکێکی ڕۆژئاوایی جیاوازە، لە نامۆییی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی، بە گوێرەی ئەو ڕووداوە سروشتی و کۆمەڵایەتییانە کە بەسەریاندا دێت.

میتۆدی توێژینەوەکە:

کارکردن لەسەر ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە وای خواستووە، کە بە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی کار لەسەر توێژینەوەکە بکەین.

گریمانەی توێژینەوەکە:

گرێی زۆری نامۆیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وای لە نووسەران کردووە ئاڕاستەی نووسینەکانیان بەرەو ئەم بابەتە ببەن، هەروەها کاریگەری لەسەر دەروونی تاک لە کۆمەڵگە و دروستبوونی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی،

هەمــوو ئەمانــە لــە ڕۆمانــی نازیــلادا ڕەنگــی داوەتــەوە، گریمانــەی نەخۆشــییە دەروونییــەکان لــە کارەکتــەرەکان بەدیاردەخــات، لــە ئەنجامــی بیرکردنــەوەی نەرێنــی، گومــان، ئیرەیــی، بەخیلــی لــە ڕادە بــەدەر و دەســتدرێژیکردنە ســەر ژیانــی کەســایەتی لەژێــر نــاوی هاوڕێیەتــی، چەنــدان گریمانــەی تــر دەخاتــە ڕوو، کــە کۆمەڵگــەی لــێ هۆشــیار دەکاتــەوە بــۆ دەروونێکــی تەندروســت.

پەیکەربەندیی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمــان لــە دوو بــەش پێــک هاتــووە، بەشــی یەکــەم لــە ڕووی تیۆرییــەوە، ئاماژەمــان بــە چەمــک زاراوەی نامۆبــوون و گرفتــی چەمکەکەکــردووە. لــە بەشــی دووەمــدا، جۆرەکانــی نامۆبــوون لەســەر دیمەنەکانــی ڕۆمانــی (نازیــلا) ی یاســین خێلانــی پراکتیــک کــردووە. لــە کۆتایــدا ئەنجــام و پوختــەی توێژینەوەکەمــان بــە هــەردوو زمانــی عەرەبــی و ئینگلیــزی و لیســتی ســەرچاوەکانمان خســتووەتە ڕوو.

دەربارەی چەمک و زاراوەی نامۆبوون:

یەکەم: نامۆبوون لە ڕووی زاراوەوە:

لێــرەدا ئامــاژە بــە زاراوەی نامۆبــوون دەدەیــن لــە فەرهەنگەکانــدا. نامۆبــوون لــە فەرهەنگــدا وەک زاراوەیەکــی ســەربەخۆ ڕەنگــی داوەتــەوە، لــە زۆربــەی فەرهەنگــەکان واتــاکان دووبــارەن، بــۆ نموونــە لــە فەرهەنگــی ئۆکســفۆردی ئینگلیزیــدا نامۆیــی بــە ناســازییکی مێشــک دەناســێنێ، کــە بــۆی هەیــە هەســتی نامــۆ بــە کەســێک ببەخشــێ لەنــاو کۆمەڵگەیەکــی دروســت دا. (هیــگڵ) لــە ســەرەتاکانی ١٨٠٧ لــە کتێبــی (دیاردەگەرایــی ئــاوەزی هەمەکــی- ظاهراتیــة العقــل الکــی) زاراوەی (Entfremdung) بــە واتــای نامۆبــوون بــەکار هێنــاوە. (هیــگڵ) وەک ئەســتێرەیەکی گــەش بــەم زاراوەیــە پێوەســتە وەکــوو باوکێکــی ڕەوای نامۆیــی دەناسرێــت. هەروەهــا (مارکــس) لــە مانیفێســتی کۆمۆنیســتیش لــە ســاڵی ١٨٤٨ نامۆیــی بــە وێنــەی فەلســەفی نــاو دەبــات (نقشــبندی،٢٠٠٤،٤٠). نامۆبــوون لــە زمانــی عەرەبــی (الاغـتراب)ی پــێ دەوترێــت، هەروەهــا لــە زمانــی ئینگلیزیشــدا (Alienation) واتــا دوورییــە لــە خــزم و کــەس و کار و نیشــتمان (چیــا،١٣،٢٠٠٥). لــە زمانــی کوریــدا زاراوەی نامۆبــوون وەکــوو زاراوەیەکــی داتــاشراو بــۆ فۆڕمــی (Alienation) کــە بەرانبــەر بــە زاراوەی (الاغـتراب)ی عەربــی و (Entfremdung) نامۆیــی و (Entausserung) بــە واتــای تازیبــوون (الانسلاخ)، هەروەهــا دەکــرێ زاراوەی هاڤیبــوون لــە جیاتــی نامۆیــی بــەکار بێــت چونکــە هاڤــی واتــە جێمانــەوە (نقشــبندی،٤٥،٢٠٠٤). لــە فەرهەنگــە کوردییەکانیشــدا تــا ڕادەیــەک دەســتەواژەکە بــە دووبارەیــی بــەکار هاتــووە، وەک لــە فەرهەنگەکانــی (نڤــار، فەرهەنگــی خــاڵ) بــەم جــۆرە لێکدانەوەیــان بــۆ کــردووە. لــە فەرهەنگــی نڤــاردا وشــەی نامــۆ بــەم مانایانــە هاتــووە: (غریــب، دوورخــراوە، دوورکەوتــوو، ئــاوارە، ســەرگەردان، هەڵــوەدا، ئاشــوورە، بێگانــە، بیانــی، نــا ئاشــنا، نەزانــراو، ســەیر، سەرســوڕهێنەر) (ڕەشــید،٢٠١٥،٤٩٤). ئــەم زاراوانــە هەمــوو وەک هاوواتاییــی نامۆبــوون بــەکار هاتــوون و بــە کۆمەڵگــە ئاشــنان، گومانــی تێــدا نییــە لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا کەمــتر زاراوەی نامــۆ بــەکار دێــت، زیاتــر زاراوەی غەریــب جێگیــر بــووە، بــۆ نموونــە دەڵێــن فــڵان کــەس غەریبەیــە، ئەمــەش کاریگەریــی زمانــی عەرەبــی کــە مێژوویەکــی دوور و درێــژی هەیــە، بەســەر زمانــی کوردییــەوە. بــە هەمــان شــێوە فەرهەنگــی خــاڵ کــە فەرهەنگێکــی گرینــگ و گــەورەی زمانــی کوردییــە، ئامــاژەی بــە چەنــد زاراوەیــەک داوە بــۆ ناســاندنی نامۆیــی، بــە مانــای: (غەریــب یاخــود نامۆیــی، بێخــەوی بێکەیفــی کــە لــە ڕانەهاتنــی شــوێنێک پەیــدا ببێــت، غەریبــی، فیســار، واتــا هەســت بــە غەریبــی دەکات.) (خــاڵ،٢٠١٧،٥٨١). زۆرن ئــەو نووســەرانەی لەســەر نامۆبــوون نووســیویانە، هەریەکەیــان لــە ڕوانگــەی خۆیــان کاریــان لەســەر کــردووە. بــۆ نموونــە فرۆیــد زیاتــر بــە لایەنــی نەخۆشــیی دەروونــی و مارکــس بەلایەنــی ئابــووری دەبەســتێتەوە.

دووەم: نامۆبوون لە ڕووی چەمکەوە:

بــە ســەرنجدان لــەم بابەتــە دەردەکەوێــت کــە ئەمــڕۆ لــە چوارچێوەیەکــی فــرەوان لێــی دەکۆڵدرێتــەوە و بــواری کارکــردن تێیــدا ســنوورێکی بەربــڵاو داگیــر دەکات، وەک لــە بوارەکانــی «فەلســەفی، ئایینــی، سیاســی، کۆمەڵایەتــی، دەروونــی و تەندروســتیی دەروونــی و پەروەردەیــی» (بشــاي،١٩٨١،١١٠). وەک ڕوون و ئاشــکرایە نامۆبــوون باڵــی بەســەر ژیانــی هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵگــەدا گرتــووە، لــە هــەر بــارودۆخ و پلــە و

پایــە و ئاســتێکی ڕۆشــنبیریدا بــن، واتــا هیــچ تاکێــک لــە نامۆبــوون دەربــازی نابێــت، بــەڵام هەریەکەیــان بەگوێــرەی بــاردۆخ و ئاســتی تەمــەن و چینایەتیــی کۆمەڵگــە. "نامۆیــی بریتیــە لــە دۆخێــک کــە کەســێک لــە جەوهــەری خــۆی، لــە ڕەســەنی مرۆییــی خــۆی دوور کەوتبێتــەوە، هۆکارەکانــی ئــەم پرســەش زۆرن، زۆر جــار پێوەنــدی بــە خاوبوونــەوە یــا پچڕانــی پێوەندیــی تــاک لەگــەڵ ژینگــە یــا سروشــتدا، هەیــە" (ســارتر،٢٠٠٩،٣٣). زۆربــەی جــار تــاک لەنــاو خێــزان و سروشــت و ژینگــەی هاوزمانەکانــی خۆیەتــی، بــەڵام هەســت بــە نامۆبــوون دەکات، کــە ئەمــە ئەمــڕۆ لــە کۆمەڵگــەی خۆمانــدا بــووە بــە دیاریدەیەکــی بەرچــاو کــە بــە ئاشــکرا تاکــەکان دانــی پێــدا دەنێنــن، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ دروســتبوونی بۆشــاییەکی ڕۆحــی و دەروونــی لــە لایــەن تاکەکانــەوە، چونکــە نامۆبــوون لەگــەڵ دروســتبوونی مرۆڤــەوە، لەدایــک دەبێــت و گەشــە دەکات. هەروەهــا بــە گوێــرەی بیروبۆچوونــی (مارکــس)» نامۆبــوون بــە حاڵەتــی کەســێک دادەنــێ کــە لەژێــر کاریگەریــی بــارودۆخ و ژینگــەی دەوروبــەر، ئایینــی، ئابــووری، سیاســی ئیــرادەی خــۆی لەدەســت دەدا و تــا ئــەو جێگەیــەی وەک شــمەک مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکرێت»(ســارتر،٢٠٠٩،٣٣). ئەمــەی ئەمــڕۆ نامۆییەکــی گــەورەی لــە پێوەنــدی و لێکدوورخســتنەوەی تاکەکانــی کۆمەڵگــەدا دروســت کــردووە، سیســتەمی ســەرمایەدارییە، هەتــا سیســتەمی ســەرمایەداری بەرزتــر ببێتــەوە، نامۆیــی لــە نێــوان تاکەکانــدا زیاتــر دەبێــت، چونکــە ئــەم سیســتەمە تــاک لــە هەســتەکانی دادەماڵێــت و هەســت بــە ئازارەکانــی دەوروبــەری نــاکات. هەندێــک لــە نووســەران نامۆبــوون وەک دیاریدەیەکــی ئەرێنــی و پۆزەتیــڤ دەبینیــن، وەک ئامرازێــک بــۆ دەربڕینــی داهێنــان کــە زاتــی هەڵومەرجــی ئینســانی بــوو لــە حاڵەتــە گشــتییەکەیدا، دیدگایەکــی دیکــەی بــاو ئــەوە بــوو کــە دەیگــوت: ((نامۆبــوون لــە درزی نێــوان تــاک و کۆمەڵگــەوە ســەرچاوە دەگرێــت.)) (مۆســتۆ،٢٠١٨،٣٤). وەک دیــارە نامۆبــوون چەمکێکــی فرەوانــە لــە زۆربــەی لایەنــەکان و جــۆری زۆرە، چونکــە هیــچ مرۆڤێــک نییــە، لێــی دەربازبێــت و تووشــی نەبێــت، هەروەهــا جــاری وایــە، کەشــوهەوایەکی گشــتی لەنــاو کۆمەڵگــە ڕوو دەدات، کــە کاریگــەری بەســەر تــاک بــە تاکــی کۆمەڵگــەوە هەیــە، وەک قەیرانێکــی داراییــی گــەورە، یاخــود کارەســاتێکی سروشــتی لەدەســتدانی مردنــی کەســانی زۆر، یاخــود کارەســاتی دەســتکردی دکتاتــۆرەکان بــۆ میللەتــە ژێردەســتەکان، واتــا تــاک و کۆمەڵگــە لێــی بێبــەش نابــن، بۆیــە لــە هەمــوو لایەنەکانــی ژیــان ڕەنگــی داوەتــەوە و دەتوانرێــت کاری لەســەر بکرێــت. گومانــی تێــدا، نییــە هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵگــە تووشــی نامۆیــی دەبــن بــە تایبەتیــش نووســەران زیاتــر تووشــی نامۆیــی دەبنــەوە، بەهــۆی دەرککردونیــان بــە ڕووداوەکان، بــۆ نموونــە «نــازم حیکمەتــی شــاعیر بــە هــۆی جیاوازیــی هەڵوێســتی لەگــەڵ حوکوومەتــی تورکیــا، بــۆ مــاوەی نزیکــەی نیــو ســەدە حوکوومــەت بەربەرەکانێــی دەکــرد، بەشــی هــەرە زۆری ژیانــی ئــەم شــاعیرە بەندینخانــە و دوورەوڵاتــی بــووە. هەروەهــا «جــۆن شــتاینبیگ»ی ڕۆماننووســی ئەمریکایــی لــە ســاڵانی شەســتەکان لــە ئاکامــی نووســینی لەلایــەن دەســەڵاتدارانەوە دووچــاری ئێــش و ئازارێکــی زۆر بــووەوە، لەکۆتایــدا چاپکراوەکانــی خــۆی ســووتاند و پێــی وا بــوو ئەمانــە ســەرچاوەی ئێــش و ئازارەکەیەتــی، بەهــۆی ئەمەشــەوە تووشــی حاڵەتێکــی نامۆییــی دەروونــی ســەخت بووەتــەوە» (ســاڵح، ٢٠١٠،١١). ئەمــە جیاوازیــی نامۆبوونــە لــە نێــوان نووســەرێکی ڕۆژهەڵاتــی و نووســەرێکی ڕۆژئاوایــی، هەرچەنــدە لــە وڵاتانــی ڕۆژئــاوادا ســەرجەم لایەنەکانــی ژیانــی مرۆڤــی تێــدا دابیــن کــراوە و بانگەشــە بــۆ ئــازادی و تــاک و مافــی مــرۆڤ دەکــەن، ســەرەڕای پێشــکەوتنی هەمەلایەنــەی ژیانیــان، هێشــتا تــاک تووشــی نامۆیــی دەبێتــەوە.

٤-کورتــە ناســاندنێک دەربــارەی ڕۆمانــی (نازیــلا)ی یاســین خێڵانــی:

ناوەڕۆکــی ڕۆمانەکــە، بابەتێکــی ســادەیە، بــەڵام نووســەر هێنــدە لێزانانــە ڕووداوەکانــی لــە دەوری کارەکتــەرکان کۆکردووەتــەوە، خۆشــبەختانە کــە بەرهەمــی نووســەرێکی کــوردە، کــۆی گشــتیی ڕووداوەکان باســێکە لــە نامۆبــوون، لــە ڕێگــەی عیشــقێکی ناکامــەوە، هەروەهــا شــێوازێکی نووســینی نوێیــە، لــە دونیــای نووســینی ڕۆمانــدا، نووســەر لــە بازنــەی دووبارەبوونــەوەدا نەخولاوەتــەوە. باســی خــودی خــۆی نــاکات و ڕووداوەکانــی ژیانــی خــۆی نەســەپاندووە بەســەر هیــچ لــە یەکێــک لــە کارەکتەرەکانــدا، کــۆی گشــتیی ڕووداوەکان لــە

ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا دەخولێنەوە، خوێنەر چێژی لێ وەردەگرێت و لێوەی فێر دەبێت، زانیاریی بەنرخی تێدا خستووەتە ڕوو. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشاوین، توانایی جوانووسیی نووسەر بوو، کە تەنیا ڕۆژئاواییەکان نین کە لەسەر ڕۆژهەڵات دەنووسن، نووسەری ئێمەش ئەم توانای نووسینەیان هەیە، کە لەسەر ڕۆژئاواییەکان بنووسن. هەروەها نازیلا ئەدەبی کوردی لە لۆکاڵییەوە دەبات بەرەو بەجیهانیبوون، هیچ ئالۆزییەک لە زمان و تەکنیکی دیمەنەکان بەدی ناکرێت. نازیلا پڕە لە پەند و دەستەواژەی پڕ حیکمەت، لە ئەزموونی خۆش و ناخۆشی ژیانی مرۆڤەکان. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوین لەم ڕۆمانەدا، کۆی جوگرافیا و فەزاکەی لە دەرەوەی زێدی خۆیەتی، بە جۆرێک وەسفی فەزای شوێن دەکات، کە ڕوانین و دیدگای خودی پەنابەرێک بێت، کە خۆی تاراوگەنشین بێت. کۆمەڵێک کارەکتەری ئەوروویی هەڵبژاردووە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باسێکە لە نامۆبوون. نامۆبوونی ڕۆحی و جوگرافی و سۆزداری، لە ڕێگەی چەند عەشقێکی مەحاڵەوە، (ئادریان) کارەکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکەیە، هەموو ڕووداو و کێشە و ململانێکان، ڕووبەڕووی ئەم دەبنەوە، چونکە ترسی لەدەستدانی کەسە ئازیزەکانی هەیە، (پاتریک) هاوڕێی ئادریانە، لە سەرەتاوە تا کۆتاییی ڕۆمانەکە وێنەیەکی پاکی هاوڕێیەتی دەنوێنێت، کاتێک ئادریان دایک و باوکی لەدەست دەدات، باری دەروونی بەرەو خراپی دەڕوات و هەست بە نامۆییی تەنیایی دەکات، بۆیە پاتریک سەفەرێک ڕێک دەخات بۆ بەرشەلۆنە، بۆ باشتربوونی باری دەروونیی ئادریان، لە بەرشەلۆنە ئادریان ئاشنا دەبێت بە (مێلیسیا) و عاشقی یەکتر دەبن و پێوەندییەکی قووڵی خۆشەویستی لە نێوانیان دروست دەبێت. کارەکتەری (کارین) کە دەکاتە هاوڕێی مێلیسیا، کە ڕۆڵی هاوڕێیەتییەکی بەخیل و تێکدەر و ئیرەیی دەگێڕێت، لەسەرەتاوە تەداخولی نێوانیان دەکات و زۆر هەوڵ دەدات، لە یەکیان جیا بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، دواتر هەوڵی زۆر کاری قێزەون دەدات، وەک ئەوەی بوختان بۆ مێلیسیا دروست دەکات بۆ ئەوەی لەبەر چاوی هاوسەرەکەی ناشیرینی کات، دواتر هەوڵ دەدات، پێوەندی لەگەڵ ئادریان دروست بکات و کۆنترۆڵی بکات، بۆ خۆی هەر سەرکەوتوو نابێت، بەڵام بەردەوام مێلیسیا سارد دەکاتەوە، لە ئادریان و کێشەیان بۆ دروست دەکات. بۆ ماوەیەک، هەردووکیان بڕیار دەدەن لێی دوور بکەونەوە، بۆیە سەفەر دەکەن بۆ دورگەی (کریت)، مێلیسیا دووگیان دەبێت بە نازیلا، کە دەگەڕێنەوە نازیلا لە دایک دەبێت، دیسان کارین دێتەوە ناو ژیانیان و چاوی بەوە هەڵنایەت کە ئەمان بوون بە خێزانێکی جوان، بۆیە بەڵێن دەدات، ئەم خێزانە بە پلانە گڵاوەکانی لە ناو ببات و مێلیسیا، ژەهرخوار دەکات و بوختان بۆ ئادریان دروست دەکات، کە ئادریان مێلیسیای کوشتووە، ئادریانیش نازیلا دەبات و دەڕوات بۆ گوندی (خانی لە مەکدۆنیا)، لەوێ ئاشنا دەبێت بە (ئیلاریا)، لەم گوندە لەگەڵ ئیلاریا و دایکی دەژیت بۆ ماوەی (١٠) ساڵ، نازیلا هۆگری ئیلاریا دەبێت، دیسان ترسی لەدەستدان ئادریان دادەگرێتەوە، کە نازیلا گەورە بووە و هۆگری ئیلاریا بووە، بۆیە بڕیار دەدات سەفەر بکات بۆ کۆتایی بە تەنیا بژیت، نازیلا بۆ ئیلاریا جێ دەهێڵێت. چونکە ئیلاریاش یەک لایەن عاشقی ئادریان بووە، بەم شێوەیە ئادریان بووەتە، جێگەی شەڕ و ململانێی خۆشەویستیی نێوان سێ ژن، کە تەنیا مێلیسیا بۆ ئادریان، عەشقی ڕاستەقینە بوو.

جۆرەکانی نامۆیی لە ڕۆمانی (نازیلا) لە ڕووی پراکتیکییەوە

جۆرەکانی نامۆبوون زۆرن، چونکە چەمکێکی فرەوانە، لە هەر بوارێکدا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، کۆمەڵێک دەلالەت لە خۆی دەگرێت، وەک نامۆبوونی (خودی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، ئایینی، ڕۆشنبیری، تەکنەلۆژی، سۆفیگەری، سێکسی، سۆزداری، خۆشەویستی، فیکری، واقیعی، سروشت، شارستانییەت، ئافرەت...). لە لێکۆڵینەوەکانی تردا، بەدرێژی باسی جۆرەکانی نامۆبوون کراوە، ئێمە بەگوێرەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە چەند جۆرێکی نامۆبوون وەردەگرین.

یەکەم- نامۆبوونی خودی:

نامۆیی خودی بە یەکێک لە دیارترین جۆرەکانی

نامۆیـی دادەنرێـت، کـە ئەمـڕۆ بەرۆکـی زۆربـەی تاکەکانـی جیهانـی گرتـووە. «نامۆیـی خـودی بـە مانـای لەدەسـتدانی کەسـایەتیی خـودە، ئـەم چەمکـە لـە سـەدەی نۆزدەهەمـەوە پەلـی هاویشـتووەتە نـاو هەمـوو بوارەکانـەوە.» (سـەعید، ٢٠٠١، ١١). هەروەهـا کەسـایەتی دەتواندرێـت بـە بنەمایتریـن بابەتـی زانسـتی دەروونزانـی ئەژمـار بکرێـت ((چونکـە سـنووره بنەماییەکانـی گفتوگـۆ لـە چەنـدان بـواری وەک فێرکـردن، پاڵنەرایەتـی، پەیپێـبردن، بیرکردنـەوە، هەسـت و سـۆز و ژیـری... چەنـدان بـوار لـەم شـێوەیە و بـە دەربڕینێکـی تـری بوارەکانـی سـەرەوە بـە بەشـە پێکهێنەرەکانـی کەسـایەتی ئەژمـار دەکرێـن.)) (شـاملۆ، ١٢،٢٠١٠). کەواتـە وەسـفکردنی خـودی تـاک بـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتەکانی دەناسرێتـەوە، ئەمـەش بـۆ ناسـاندنی وەسـفی کارەکتەرەکانیـش هەمـان شـتە، هەسـتکردن بـە نامۆیـی، ئەگەرچـی دیـاردە و دۆخێکـی دەروونییـە کـە تووشـی مـرۆڤ دەبێـت، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا هۆکارەکانـی دەرکەوتنـی ئـەم دۆخـە لـەلای مرۆڤـدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمـەڵ بـە گشـتی و دەوروبـەری نزیکـی مـرۆڤ، بـە تایبەتـی خێـزان، شـەقام، قوتابخانـە، دەسـەڵات... لەگـەڵ تـاک و ئەندامەکانـی خۆیانـدا مامەڵەیەکـی ڕاسـت و دروسـت ناکـەن، بەدڵنیاییـەوە لـە باشـترین و سـەلامەترین حاڵەتـدا مـرۆڤ تووشـی نامۆیـی دەبێـت (حەمـە صالـح، ٢٠٢١، ٩٥). بێگومـان تووشـبوون بـە حاڵەتێکـی نامۆبـوون لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازە، هەتـا لـە ڕووی تەمەنیشـەوە، هـەر تەمەنێـک بـە شـێوازێک مـرۆڤ تووشـی نامۆیـی دەروونـی دەبێتـەوە. تاکەکانـی کۆمەڵگـە لـە هـەر بارودۆخێکـدا بـن بەگشـتی، تووشـی نامۆبـوون دەبـن، بـەڵام جیـاوازی لـە نێـوان چینەکانـدا هەیـە، لەڕووی تووشـبوونی بـە نامۆیـی، چینـی هـەرزەکار و لاوان، لـە هەمـوو چینەکانـی تـر زیاتـر، تووشـی نەخۆشـی (Depression) دەبـن، هەڵسـوکەوتی نامـۆ ئەنجـام دەدەن، لەبـەر ئـەوە زۆر هەسـتیار دەبـن، بۆیـە بارودۆخەکـە زیاتـر بـەرەو نامۆبوونێکـی قـووڵ دەچێـت، لـە ڕووی بارودۆخـی دەروونی)قەرەجەتانی، ٢٠٠٩، ٤٥). نامۆبـوون گرفتـی هـەر سـەردەمێکە و لـە قۆناغـە پێشـکەوتووەکاندا، دەبێتـە هـۆی سـەرەکیی زۆربـەی نەخۆشـییە دەروونییـەکان لەنـاو کۆمەڵگـەدا. ئـەو تاکانـەی کـە تووشـی گۆشـەگیری و خەمۆکـی دەبـن، هەسـت بـە نامۆبوونێکـی قـووڵ دەکـەن لـە ڕووی دەروونییـەوە. وەک ئـەم نامۆییـە قووڵـە دەروونییەیـی، کـە ئادریـان، بەهـۆی تەنیایـی و گۆشـەگیرییەوە، لەخەمـی لەدەسـتدانی خێزانەکـەی تووشـی بـووە. نامەیـەک، بـۆ مێلسـیا دەنووسـێت، دەڵێـت: مێلیسـیا ئێسـتە مـن لـە هەمـوو کاتێکـی ژیانـم زیاتـر تەنیـام، مـن پیاوێکـی غەریبـم لـە دوورگەیەکـی تەنیایـی ئـەم جیهانـەدا، وەک ئـەم دوورگەیـە تەنیـا و غەریبـم... (خێڵانـی، ٢٠١٤، ١٠٧).

ئادریـان تەنیاییەکـەی خـۆی بـەراورد دەکات بـە تەنیایـی دورگەکـە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، ئـەم دورگـە چـۆڵ نییـە، بەڵکـوو ژیانـی تێـدا بەردەوامـە، بـەڵام لەبـەر بـێ کەسـی و تەنیایـی خـۆی هەسـت بـە دەورووبەرەکانـی نـاکات، (ئادریـان) گەشـتی بەردەوامـی ئـەو بـۆ خـۆی هەڵاتنـە لـەو شکسـتەی پەکـی خسـتووە، کـە بـەوە دەگات دڵ دابخـات و خامـۆش بێـت... ئادریـان ڕۆژ بـە ڕۆژ ژیانـی لـە نـاوەوە بـەرەو دۆزەخ و وێرانبوون دەڕۆیشـت، بەبـێ ئـەوەی بهێڵێـت کەسـێک هەسـت بـەم حاڵەتـە نالەبـارەی دەروونـی بـکات... (خێڵانـی،٢٧،٢٠١٤). تەنیایـی و گۆشـەگیری و ئیرەییـبردن، لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـە تـا کۆتایـی بـووە بـە خەسـڵەتێکی تایبەتـی ئادریـان. سـەرەتا بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەنـاو ڕووداوەکاندایـە و دواتـر دەبێـت بـە گێڕەڕەوەیـەک بـۆ ئـەو ژیانـەی کـە دوور لـە خۆشەویسـتەکەی و دایکـی منداڵەکـەی، لـە ڕێگەیـی نووسـینی نامـەوە هەواڵـی ڕۆژانـە و بەسـەربردنی کات و گەورەبوونـی کچەکەیـان بـۆ مێلیسـیا دەنووسـێتەوە، هەندێـک جاریـش بـە فلاشـباگێک دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو یادگارییانـەی سـەردەمی گەنجـی کـە میلیسـیا تێـدا خۆشویسـتبوو، هەروەهـا هـۆکاری ئـەو بـەرە و خراپـتر بوونەشـی لـە وێنەکانـی داهاتـوودا بەدیـار دەکەوێـت.

دووەم-نامۆبوونی سۆزداری:

لەبـەر ئـەوەی توێژینەوەکـەی ئێمـە، کـە نموونـەی ئـەو ڕۆمانـەی وەرمـان گرتـووە، پانتاییەکـی فرەوانـی ڕووداوەکانـی لـە ئەنجامـی گرێیەکـی دەروونـی خۆشەویسـتییەوە سـەری هەڵـداوە، بـە پێویسـتمان زانـی ئاماژەیـەک بخەینـە سـەر ئـەم جـۆری نامۆبوونـە. نامۆبوونـی سـۆزداری، بریتییـە لـە تێکچوونـی پێوەندیـی نێـوان دوو خۆشەویسـت، بەهـۆی

گرفت و کێشەکانی نێوانیان کە هۆکارەکانی ئەم کێشانە زۆرن لە کۆمەڵگەدا (قادر،٢٠٠٧، ٢٩). نامۆبوون لای فرۆم «جۆرێک لە ئەزموونە مرۆڤ وەک نامۆ تیایدا دەباتە سەر و لە خۆی بێگانە دەبێ و چیتر خۆی سەنتەری خۆی و ئەفرێنەری ڕەفتار و هەڵسووکەوتەکانی خۆی نابێ، بەڵکوو دەبێتە ئەسیریان و ملکەچیان دەبێت.»(حوسێن، ٢٠١٠، ٥٧).گومانی تێدا نییە کە هەر تاکێک ڕۆژانە بە حاڵەتێکی نامۆبوون و ترس و دوودڵیی دەروونی تێپەڕ دەبێت، ترسی لەدەستدانی کەسە ئازیزەکانی دەیخاتە حاڵەتێکی پەرۆشییەوە کە ئەمەش خەسڵەتێکی سروشتی مرۆڤە، بەڵام ئەم هەستەی ئادریان زیاد لە پێویست بوو. وەک لەم وێنەدا دیارە، کە ئادریان دوا کەس بۆی مابێتەوە نازیلایی کچی بووە، ترسێکی گەورەی هەیە، وەک خێزانەکەی لە دەستی بدات، چونکە نازیلا گەورە بووە......هۆکارەکەشی ئەوە بوو لەگەڵ گەورەبوونی نازیلادا زیاتر هەستی بە تەنیایی دەکرد، چونکە لە دوای ئەوەی تەمەنی نازیلا بوو بە شەش ساڵ، زۆربەی شەوەکان دەڕۆیشتە سەرەوە لە لای ئیلاریا دەنووست، ئیتر لەو کاتەوە ئادریان بە تەواوەتی تەنیایی باڵی بەسەر ژیانیدا کێشا و ئەو پێوەندییە نزیکەی جارانی لەگەڵ نازیلادا بەرەو دووربوونەوە دەڕۆیشت. (خێلانی،٢٠١٤،٢٧). هەر لە سەرەتاوە ئادریان بە هۆی نەبوونی خوشک و برا و لە دەستدانی دایک و باوکی، کارەکتەرێک بووە و ترساوە بە لەدەستدان، وەک لە وێنەکەی پێشووتردا ڕوونمان کردووەتەوە، بۆیە هەمیشە ویستویەتی توند دەست بەو کەسانەوە بگرێت کە دێنە ژیانییەوە، هەمیشە لەگەڵ ئەو ترسەدا دەژیا، بۆیە لە ژیانیشیدا بە واقیعی ڕەنگی داوەتەوە، سەرەتا خۆشەیستەکەی کە دایکی نازیلایە لە دەستی دا، بە هۆی پیلانی هاوڕێیەکی خراپی مێلیسیاوە کە هەمیشە دەستی خستووەتە ژیانیانەوە، دواتر کچەکەی، لێ دوور کەوتووەتەوە، ئیلاریا کۆتا کارەکتەرە لە ڕۆمانەکەدا کە لەگەڵ ئادریان بووە، بەڵام سەرەتای ڕۆمانەکە بە شوێنی ژیانی ئیلاریا و دایکی خاتوو (دافنی) دەست پێ دەکات لە گوندی «کیدۆنیا» ئەمە وا لە خوێنەر دەکات وا هەست بکات، ئیلاریا کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، بەڵام شێوازی نووسینی نووسەرە، کە ڕووداو و ئەکتەرەکانی ڕابردووی کردووەتە نووسینی سەرەتای ڕۆمانەکە، ئەمەش یەکەم ناسینی ئیلاریا و ئادریان نیشان دەدات، سەبارەت بە ئیلاریا نە هاوسەرگیری کرد و نە بوو بە دایک و نە ڕووداوێک بەسەر هزر و ڕەفتار و کەسایەتیدا هاتووە، وەک کەسایەتییەکی جێگیر ماوەتەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

سێیەم- نامۆبوونی جوگرافی:

لێکۆڵەران نامۆیی جوگرافی وەک دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و ئاوارەیی دادەنێن، واتە «بریتییە لە کۆچکردنی تاک لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جا بە زۆرە ملێ بێت یاخود بە ئارەزووی تاک بێت»(قادر، ٢٠١٠، ١٣٢). بۆیە ئادریان کاتێک لە دورگەی (کریت) ە زۆر بیری بەرشەلۆنە دەکات، کە لەوێ مێلیسیا تێدا ناسی بۆ یەکەم جاری بینی و عاشقی بوو. کاتێک ئادریان دایکی کۆچی دوایی دەکات، پاتریک ی هاوڕێی بۆ ڕزگاربوونی ئادریان لەم تەنیایی و گۆشەگیرییە سەفەرێک ڕێک دەخات بۆ ماوەی یەک هەفتە، دەچن بۆ بەرشەلۆنە، کە خۆی ئاماژە بە یەکەم یەکترناسینیان لەگەڵ مێلیسیادا دەکات و دەڵێت:.....مێلیسیا من یەکەم جار بوو تۆ لە ژیانم ببینم، ئەویش لە بەرشەلۆنە نەک لە بەرلین (خێلانی،٢٠١٤،٦٩). بێگومان کۆچکردن لە شوێنی لەدایکبوون و ژیانکردنی بەردەوام بۆ شوێنکی تر بۆ هەر مەبەستێک بێت، هەستی نامۆیی لای مرۆڤ دروست دەکات، بەڵام ئادریان، ئارەزوومەندانە سەفەری نەکردووە، وەک خۆی وەسفی دەروون و هەستی تەنیایی خۆی کردووە. ئادریان لە وێنەیەکی تردا لە کە هۆکاری یەکەمی لەدەستچوونی مێلیسیا و هەروەها سەفەرکردنی بۆ شوێنکی دوورە وڵات هەست بە نامۆیی و تەنیایی زۆر دەکات و دەڵێت:.....مێلیسیا، سەرەتا شتەکان لێرە بۆ من زۆر نامۆ بوون، هەموو شتێک بە من نامۆ بوو، تەنیا شتێک دەیتوانی لەو نامۆیە ڕزگارم بکات، سێبەرەکەی تۆ بوو...(خێلانی،٢٠١٤،٢٤٤). ئەمەش دوا قسەیەتی کە لە گوندی خانیان نامە بۆ مێلیسیا دەنووسێت هێشتا ڕزگاری نەبووە، لە غەریبی و تەنیاییەکەی هێندە قوڵ بووەتەوە

سـەرتاپایی ڕووداوەکانـی ژیانـی گرتووەتـەوە، کـە ئادریـان هەمیشـە لـە لەدەسـتدانی کەسـە ئازیزەکانی ترسـاوە، سـەرەتا باوکـی لەدەسـت داوە و دواتـر دایکـی و دواتـر ناسـینی مێلیسـیا و ئـەم هەمـوو دابـڕان و کێشـەیی ژیانـی هاوسـەرگیری و لەدەسـتدانی مێلیسـیا لـە کۆتایشـدا نازیلایـی کچـی، هەندێـک جـار قسـەیەکی بـاوی کۆمەڵگـە هەیـە دەڵێـن لەچـی بترسـی، ئـەوەت بەسـەر دێـت، ئـەم وتەیـە، ڕێـک پراکتیـک بـووە، بەسـەر ژیانـی کارەکتـەری ئادریـان، چونکـە هەمیشـە لەگـەڵ ئـەم ترسـە ژیـاوە.

چوارەم- نامۆبوونی کۆمەڵایەتی:

کەسـایەتیی مرۆڤێـک، ئەوەیـە کـە وەهـای لـێ دەکات کاریگـەر بێـت یـان کار لـە مرۆڤێکـی دیکـە بـکات، بـە زمانـی سـایکۆلۆژیاش، بەهـای دنـەدەری کۆمەڵایەتییەکانـە (پـەژارە،١٩٩٧،٦)، دروسـتبوون و ناسـینی هـەر کەسـێک لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـمان، بـە جۆرێـک یادگارییـەکان لـە هزرمـان دەهێڵێتـەوە، لـە وەسـفکردنی ڕووداوەکانـی داهاتـووی ژیـان، دەبێتـە ئەزموونێـک وەک ئـەم پێوەندییـەی کـە ئادریـان پێـش ناسـینی مێلیسـیا هەیبـووە، وەسـفی لایەنـی دەروونـی ئـەم کچـە دەکات، کـە گۆشـەگیر و ئالـوودە بـووە لـە کۆمەڵگـە دوورەپەرێـز بووە....پێـش تـۆ مـاوەی سـاڵێک زیاتـر لەگـەڵ کچێکـدا بـووم نـاوی ئالینـا بـوو، ئـەو لەسـەر یـاری و تەلەفزیـۆن ئالـودە بووبـوو، وەک بەبەیەکـی بچکۆلـە هەمـوو کاتەکانـی لـە بـەردەم تەلەفزیۆنەکـەدا بەسـەر دەبـرد یـان لەسـەر قەنەفـەکان پـاڵ دەکـەوت، هیـچ کات و تاقەتـی پیاسـەکردنی نەبـوو، لـە جـەژن و ئاهەنگەکانـدا هەمـوو کەسـێک بـە زۆر دڵـی خـۆی خـۆش دەکـرد، ئـەو هـەر مێشـکی لای ئـەوە بـوو کـە بگەڕێنـەوە بـۆ ماڵـەوە، خەڵـک سـەرقاڵی سـەما و گۆرانـی و سەرمەسـتکردن بـوو، ئـەو وەک دارکونکـەرە هـەزار جـار دەیگـوت، کـەی بڕۆینەوە...کـەی بڕۆینـەوە..... حـەزی لـە هیـچ نەبـوو، خەریـک بـوو قسـەکردنی لەبیـر دەچـووەوە، چونکـە بـەس بـە ئـا و نـە وەڵامـی دەدایـەوە..... (خێڵانـی،٢٠١٤،١٨٢). لێـرەدا نووسـەر هۆشـداری دەدات بـە کۆمەڵگـە، کـە تاکـەکان دڵخـۆش نیـن لـەو کاتانـەی کـە لەگـەڵ یەکـتر بەسـەری دەبـەن، لەنـاو کۆمەڵگـە بەگشـتی، ئەمـەش زەنگـی مەترسـیدارە، بـۆ دروسـتبوونی تاکـی دەروونەخـۆش و گۆشـەگیر لـەم وێنەیـەدا ئادریـان باسـی پێوەندییەکـی کۆنـی خـۆی بـۆ مێلیسـیا دەکات لەگـەڵ کچێـک بـە نـاوی ئالینـا، بـە جۆرێـک تەمبـەڵ بـووە، کـە نامـۆ دێتـە بەرچـاو، خـۆی بـە سـەیرکردنی تیڤییـەوە گرتـووە، کـە ئێسـتە ئەمـە بـووە بـە دیـاردە، بـەڵام تەنیـا ژنانـی نەگرتووەتـەوە، بەڵکـوو تـەواوی چینەکانـی کۆمەڵگـەی گرتووەتـەوە بـێ جیـاوازی، بـەڵام لەوانەیـە نووسـەر بەمەبەسـت ئـەم نموونـەی لەسـەر ژن دروسـت کردبێـت، کـە ژنـان دایـک و پـەروەردەکارن دەبێـت هۆشـیار ببنـەوە، لـەم بابەتـە مەترسـیدارە بەتایبـەت بـۆ سـەر تەندروسـتی ڕۆڵەکانیـان. هەندێـک جـار مـرۆڤ لـە واقیعـی ئـەو بارودۆخـەی کـە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە بەهۆیـی کەسـانی دەوروبـەری ناتوانێـت لـەم واقیعـەدا ڕابـکات و دەربـازی بێـت، ئەوجـا ئـەو کەسـانە ئەندامانـی خێـزان بێـت، یاخـود هـاوڕێ نزیکـەکان بێـت، کـە کاریگەریـان هەیـە لەسـەر ژیانکـردن، وەک لـەم وێنەیـەدا ئادریـان لـە وەسـفی پاتریکـی هاوڕێـی بـە مێلیسـیا دەڵێت:-....مـن سوپاسـی خـودا دەکـەم کـە هاوڕێیەکـی وەک پاتریکـی پـێ بەخشـیم، دەزانـم تـۆ هیـچ چارەییـت نەدەویسـت، لەبـەر ئـەوەی زۆر وشـک وقسـە ڕەق و لـە ڕوو بـوو، ئەمـەش مافـی خۆتـە تـۆش وەک زۆربـەی خەڵکـی ئـەم دونیایـە حـەزت لـەو جـۆرە کەسـانە بێـت، کـە بـەردەوام ڕوخـۆش و زمـان لوسـن، ئەگـەر درۆشـت لەگـەڵ بکـەن هێشـتا هـەر بەوانـە ئاسـودە تـری.... (خێڵانـی،٢٠١٤،١٥٩). نووسـەر لـە ڕێگـەی وێنـەی کارەکتـەری پاتریـک و ئادریـان هاوڕێیەتیەکـی دڵسـۆزانە و ڕاسـتگۆیانەی کۆنـی کۆمەڵگـەی کـوردی دەخاتـەوە یـادی خوێنـەران کـە لـە ئێسـتە گرفتـی هـەرە سـەرکیمان ترسـانە لـە هاوڕێیەتـی، ترسـان لـە دەسـتەواژەکانی (متمانـە، ڕاسـتی و پاکـی)، وەک لـە وێنەکـەدا دیـارە کەسـایەتیی پاتریـک هاوڕێیەکـی زۆر دڵسـۆز و بەکەڵکـی ئادریانـە، هاوڕێیـی منداڵیتـی، لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی بەشـداری هەمـوو ڕووداوەکانـی ژیانـی ئادریانـی کـردووە بـە لایەنـە جوانەکـەی هاوڕێیەتـی، بـە پێچەوانـەی (کاریـن)ی هاوڕێیـی مێلیسـیا، کـە بەداخـەوە ڕاسـتییەکی تاڵـە، زۆربـەی کات هاوڕێیەتـی ژن زیاتـر شـکان و وێرانـی و ئیرەکردنـی تێدایـە، لـە چـاو پیـاوەکان، هەرچەنـدە پاتریـک کارەکتەرێکـی وشـک و ڕەق و کەمـدووە، بـەڵام هاوڕێیەکـە بـە

هاوسەنگی برا بۆ ئادریان، لە کاتە خۆش و ناخۆشەکان لەگەڵیدا بووە، بەڵام بەداخەوە لایی ئێمە کارەکتەری ئاوا ڕاستەقینە، خۆشەویست نییە لای خەڵک، هەمیشە ماسکدارەکان خۆشەویستترن، وەک ئادریان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت:.....منیش کاتی خۆی وەک تۆ بیرم دەکردەوە، کاتێک پاتریک ئاوێنەیەکی دەهێناو ڕوخسارە دزێو و ناشیرینەکەمی نیشان دەدام، بە شێوەیەک تووڕە دەبووم قەستم بوو بیکوژم... (خێڵانی،٢٠١٤،١١٨).گومانی تێدا نییە هەر کەسێک ڕووی ڕاستەقینەمان پیشان بدات و پەنجە لەسەر خاڵە نەرێنییەکانمان دابنێت بە دڵسۆزی، هیچ کات ئەو کەسەمان خۆشناوێت، بە پێچەوانەوە، بە وەسفی باش و بەرزکردنەوەوی لە ڕادەبەدەر،کەسانی بەرانبەر خۆشەویست دەبن کە ئەمە واقیعی نییە. هەروەک لە وەسفێکی تردا ئادریان دەڵێت:-..... پاتریک مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو، هەر لە منداڵیەوە کارەکتەرێکی ساردو سڕی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەتدەتوانی خۆشت نەوێت و ڕقت لێی بێت.(خێڵانی،٢٠١٤،١٥٩). ئادریان جەخت دەکاتەوە، یەکەم پێوەندی نزیکی لە منداڵیەوە پاتریک بووە، بەم هەموو سارد و سڕی و وشکی پاتریک، بەڵام کارەکتەرێکی ڕاستەقینە بووە، تا کۆتایی ئادریان پشتی پێ دەبەستێت، هەرگیز خیانەتی لێناکات، بەڵام بەداخەوە لە واقیعی ژیاندا، دوایی ناسینێکی زۆر و تێکەڵ بوون، ئەم جۆرە کارەکتەرانە کەسایەتیی ڕاستەقینەیان بەدیاردەکەوێت.

کارین سێیەم کارەکتەرە هاتە ناو ژیانی ئادریان و هەموو کێشەکان لێرەوە دەستی پێکرد، بەداخەوە وەسفێکی وردی کارەکتەری کارینمان نەدۆزیەوە، بەڵام ڕەفتارە کردنیش بەشێکە لە بەدیارخستنی کارەکتەر، ئەم وەسفە ئادریان دەربارەی کارین کردوویەتی و دەڵێت:

....هەندێک مرۆڤی دەمامکدار هەن، کاتێک دەیانەوێت هاوڕێکەیان لەبەر چاوی خەڵکی تر بشکێنن بۆ ئەوەی خۆیان بەرزبکەنەوە پەنا بۆگاڵتەکردن دەبەن...... (خێڵانی،٢٠١٤،١٥٢). لێرەدا نووسەر بەراوردێکی وردی هاوڕێیەتی نێوان (پیاو و پیاو) و (ژن و ژن) دەخاتە ڕوو، ئەگەر چی کۆی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، زیاتر باسکردن و وەسفکردنە دەربارەی دەمامکداری و خیانەت و جێگیر نەبوونی حاڵەتی دەروونی ژنەکان، لێرەشدا دیمەنەکان هاوڕێیەتی پیاوەکان بە ئەمکدارتر نیشان دەدات، هەروەها سیفەتەکانی ئیرەیی و ترس و خەمۆکی و گۆشەگیری، دەخاتە پاڵ پیاوەکان، لە واقیعدا، هەردوو تەڕەفەکە بە لاواز و خەتابار دادەنێت، لە ئاستی خۆشەویستی، لە ڕاستیشدا بە داخەوە کە ئەم وێنەیە ڕاستییەکی تاڵە، بەهۆیی ئیرەیی و شکانی کەسە نزیکەکانمان ڕۆژانە ڕوودەدات بووە بە دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگە، بە هۆیی خۆدەرخستن و تێکدانی نێوان خەڵک و بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتەیی کە بەرانبەر هەیتی ئەو نییەتی، هەروەک ئەو ڕەفتارە ناشیرنەی کارین لە یەکەم دیداری ئادریان و مێلیسیا دەنوێنێت، بۆ تێکدانی نێوانیان، چونکە ئیرەییەکی زۆر قووڵیش بە مێلیسیا دەبات، کە هاوڕێی منداڵیشی بووە و بە یەکەوە گەورە بوونە، هەم دیسان لەم وێنەدا، ئادریان دڵی زۆر پڕە لەم ئیرەیی بردنەی کارین و دەڵێت:-...... ئەو ئێوارەیە هەموو گاڵتە و شۆخیکردنێکی کارین لەگەڵ تۆدا دەویست پەیامێکی ژەهراوی بە من بگەیەنێت، تۆش سادە و ساکار، وەک منداڵێک قاقا پێ دەکەنیت و دەتریقایتەوە و هەستت بە ژەهری ناو قسە شیرینەکانی نەدەکرد..... (خێڵانی،٢٠١٤،١٥٢).ئادریان و مێلیسیا لەم ئێوارەیەدا ژوانیان هەبووە وەک دوو خۆشەویست ویستویانە لە کافێیەک یەکتر ببینن کارین خۆی خستووەتە ناو بابەتەکە و لەگەڵیان چووە بۆ دەرەوە، بەڵام ئەوەیی نامۆیە لەم وێنەدا مێلیسیا هێندە دڵ پاک بووە، کە ئەو هەموو تەمەنە لەگەڵ کارین گەورە بووە، بەقەد ئەوەی یەکەم جار ئادریان (کارین)ی بینی مێلیسیا هاوڕێکەی خۆی بەم شێوەیە نەناسیبوو درکی پێ نەکردبوو، کە ئادریان دەرکی پێ کرد کە چەندە کەسێکی ناخ پیسە، هەر بۆیەش ئیرەیی بردنی (کارین)ی هاوڕێیی مێلیسیا ژیانی ئادریان و مێلیسیا وێران دەکات، کە لە دیمەنێکدا کارین بەم شێوەیە وەسفی مێلیسیا دەکات و دەڵێت:- کارین لە لای یەکێک لە هاوڕێکانی گوتبووی........نازانم ئەو جادووە چیە لەگەڵ هەرکەسێک ئەبینێت، یەکسەر سەرنجی بۆخۆی ڕادەکێشێت، ئەگەر ئەو هێزەی ئەو بە منەوەو دەبوو،

دەمزانــی چــۆن بەکاریدەهێنــم و چــی پــێ دەکــەم، بــەڵام حەیــف ئــەو نازانێــت بەکاریبهێنێــت... (خێڵانــی،٢٠١، ٢٣٥). لێـرەدا زۆر بەڕوونـی کاریـن ئامـاژە بـۆ پاکـی و سـاویلکەیی مێلیسـیا دەکات، کـە زۆر سـادە و سـاکارە و لـە ڕەفتارەکانیـدا کارەکتەرێکـی ڕاسـتەقینەیە و ئامـاژە بـە خۆشـی دەکات، کـە ئـەو هێـزی ڕاکێشـانەی ئـەوی هەبایـە بـۆ ژیانـی خـۆی بـەکاری دەهێنـا، کـە مێلیسـیا بـە گێـل و نەفـام دەزانێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هیـچ هەڵسـوکەوتێکی بـە مەبەسـت و دروسـتکراو لـە کاسـایەتیی مێلیسـیادا نەبـووە کـە کاریـن بـەم شـێوەییە وەسـفی دەکات، خـۆی هەمیشـە بـە مەبەسـت بـۆ بەدەسـتهێنانی شـتێک بـۆ ژیانـی خـۆی هەڵسـوکەوتی ساختەی دەکـرد یەکێکـە لـە کارەکتەرانـەی کـە ڕەفتارەکانـی سـاختە و دروسـتکراوە بـۆ بەدەسـتهێنانی مەرامەکانـی خۆیـی. هـەر بۆیــە، کارەکتــەری کاریــن کارەکتەرێکــی یەکجــار قێزەوەنــە ولاپەرەیـی مێـژووی چەنـدان سـاڵەی خیانەتـی هاوڕێیەتـی لـە کۆمەڵگەیــی کوردیــدا هەڵدەداتــەوە، کاریــن کەســایەتییەکی پــڕ لــە ئیرەیــی و حەســوود و خۆپەرســتە، جگــە لــە خــۆی کەسـی خۆشـناوێت، بـە هەمـوو شـێوەیەک کۆنتڕۆڵـی ژیانـی مێلیسـیایی کـردووە، تەنانـەت چـاوی بڕیوەتـە هاوسەرەکەشـی، ئەمـەش وانەبێـت کـە عاشـقی ئادریانـی خۆشەویسـتی مێلیسـیا بوبێـت، بەڵکـوو بـۆ ئـەوەی مێلیسـیا دڵ خـۆش نەبێـت و کـەس لـە ژیانـی نەبێـت، ژیانـی تێکبـدا بۆیـە هەمـوو شـتێک دەکات تــا لێکیــان بــکات و ژیانیــان وێــران بــکات، لــە کۆتایشــدا بەداخـەوە، بـە ئامانجەکـەی دەگات بەهـۆی پلانـە گڵاوەکانـی وسـادەیی خـۆش باوەڕیـی مێلیسـیاوە. کەواتـا ئـەو پەنـدە کوردییەیـی کـە دەڵێـت (دار کرمـی لـە خـۆی نەبێـت ناڕزێـت) ڕێـک بـۆ ژیانـی مێلیسـیا ڕاسـتە، کـە هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ کاریـن بـاس دەکـرد و کۆنتڕۆڵـی ژیانـی خـۆی و ئادریانـی دابـوو بـە دەسـت کارینـەوە خۆشـباوەڕ بـوو، بۆیـە کارینـش بــە پلانــە پیســەکانی وێرانــی کــردن، هــەر بۆیــە ئادریــان زۆر زیرەکانـە لـە سـەرەتای پێوەندیەکانـەوە مێلیسـیا ئـاگادار دەکاتـەوە، بـەڵام بەداخـەوە، مێلسـیا سـادەیە و دەکەوێتـە ژێـر کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی هاوڕێکـەی بـۆ تێکدانـی ژیانـی خـێ زانەکەی.

ئەنجامەکان:

نامۆیــی دەبێتــە هــۆکاری نەخۆشــیی دەروونــی و گۆشــەگیریی تــاک لــە ناوکۆمەڵگــەدا.

نامۆیـی هەنـگاو دەنێـت بـەرەو قاڵبێکـی نـوێ، ئەمیـش تێکەڵاوبوونــی بــە نووســینی ئەدەبــی بەتایبــەت ڕۆمــان و شـیعر.

گومانــی تێــدا نییــە، ڕووداوەکانــی نــاو ڕۆمانەکــە هەڵقــووڵاوی کێشــەوگرفتەکانی نــاو کۆمەڵگــەن، نامۆبوونیــش لـە ڕووی دەروونییـەوە کاریگـەری لەسـەر کۆمەڵگـە کـردووە، بـووە بـە دیـاردە، بۆیـە پەلـی هاویشـتووە بـۆ نـاو نووسـینی نووســەرە کــوردەکان.

نووســەر لــە ئەنجامــی نامۆبوونــی ژیانــی خــۆی و دووربــوون لــە کوردســتان، دەرککــردن بــە نامۆبوونــی تاکــی کـورد دەتوانیـن بڵیـن داهێنانـی کـردووە، لـە گۆڕینـی ڕێـڕەوی نووسـینی ئەدەبـی، لـە لاسـاییکردنەوە بـۆ مۆدێـرن. نازیـلاش بەرهەمێکــی پڕاوپــڕ لــە ئــازار، ڕووخــان، تــرس، ئیرەیــی، گۆشــەگیری. هەروەهــا بەدیارخســتن و بەراوردکردنــی ڕووی هاوڕێــی چــاک و خراپــە.

واقیعـی کارەکتەرەکانـی نازیـلا ئەورووپیـن، سـایکۆلۆجیەتی کارەکتــەرەکان کوردانــەن هەمیشــە ڕەشــبینی و گومــان و بەدحاڵیبــوون بەســەریاندا زاڵــە.

سەرچاوەکان:


- قورئانی پیرۆز.
- خـاڵ، شـێخ محمـدی، ٢٠١٧،فەرهەنگـی خاڵ(کـوردی کـوردی)، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- خێڵانـی، یاسـین، ٢٠١٤، نازیـلا، دەزگایـی ڕۆشـنبیری جەمـال عیرفـان، سلێمانی.
-پـەژارە، مسـتەفا، ١٩٩٧، کەسـایەتی و بنەمـا دەرونییەکانـی داهێنـان، گ، رامـان، ژ، ١٨.
-چیـا، محەمـەد، ٢٠٠٥، فەرهەنگـی فەلسـەفی، چاپخانـەی مەهـارات، تـاران.
-حوسـێن، محمـد تەهـا، ٢٠١٠، خوێندنەوەیـەک بـۆ نامۆبـوون لای ئەریـک فـرۆم، گ، مێـرگ، ژ، ٥٦.
-حەسـەن، شـێرزاد، ٢٠١٤، نازیـلاو نامۆیـی و نۆسـتالژیای نەخـۆش، گ، ڕامـان، ژ، ٢١٠.
-حەمـە صاڵـح، سـاکار ئەکـرەم، ٢٠٢١، وێنـەی ژن لـە ڕۆمانـی ژنانـەی کـوردی کرمانجـی خـواروودا، فاکەڵتـی پـەروەردە، زانکـۆی کۆیـە.
-ڕەشـید، زاهیـر محەمـەد، ٢٠١٥، فەرهەنگـی نڤار(فارسـی- کـوردی)، چـوار چـرا، سـلێمانی.
-سـارتر، ژان پـۆڵ، و،غەفور،مسـتەفا، ٢٠٠٩،ئـەدەب چیـە؟، چاپخانـەی خانی(دهـۆک).
-سـاڵح، مەهـدی، ٢٠١٠، نووسـەر چـۆن دووچـاری نامۆیـی دەبێـت، گ، نەوشـەفەق، ژ، ٨٠
-شـاملۆ، سـەعید، ٢٠١٠، وەرگێڕانـی فرمێسـک رزگار، سـیدۆ داود علـی، قوتابخانـەو تیۆریەکانـی دەروونزانـی کەسـایەتی، چاپخانـەی گەنـج، سـلێمانی.
-قـادر، سـەرکەوت سـەعدی، ٢٠١١، نامۆیـی لـە ڕۆمانەکانـی (سـەلاح عومـەردا)، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.
-قـادر، ئـارام محمـد، ٢٠٠٧، نامۆیـی لـە شـیعری کـوردی کرمانجـی خـواروودا، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
-قەرەچەتانـی، کەریـم شـەریف، ٢٠٠٩، سـایکۆلۆژیای گەشـەی(منداڵ و هـەرزەکار)، چاپخانـەی پەیوەنـد، سـلێمانی.
-محمـد سـەعید، شـیرین سـەعید، ٢٠٠١، نامۆیـی لـە شـیعرەکانی شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
-مۆسـتۆ، مارچێلـۆ، ٢٠١٨، گەڕانـەوەی دووبـارە بـۆ چەمکـی نامۆیـی مارکـس، وەرگێڕانـی، پێشـڕەو محەمـەد، ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی سۆسیالیسـتی – کوردسـتان.
-نقشبندی، غیاث الدین،٢٠٠٤ ، نامۆیی، چ٢، ئەدیلا، ئوسترالیا.
-نەقشـبەندی، زینـە عبدولسـلام، ٢٠١١، سـایکۆلۆجی، گۆڤـاری واتـە، ژ، ١٧.

## مخلص

الاغتراب في روايه نازيلا ل (ياسين خيلاني)
يشعر الفرد بعدم قدرته على التأثير في المواقف الاجتماعية من حوله، وفي نفسه عندما يفقد مشاعره واحتياجاته الإنسانية الخفية، ويتملكه شعور بالإنفصال عن العلاقات الثقافية والاجتماعية.
والغرابة هي حالة يشعر فيها الإنسان بأنه غير قادر على تغيير أوضاع حياته، فهو مخلوق اجتماعي، والاغتراب هو نتيجة البنى الاجتماعية التي تدمر البشر وتزيل محتواهم الإنساني. وقد سيطر الإغتراب على الأدب وفن العصر الحديث وتاريخ الفكر الاجتماعي، الخصائص المميزة للشخصية الغريبة أنها تشعر بالوحدة والعزلة، وهي سمة خطيرة داخل المجتمع، وقد مارست كثيرا من الضغوط على الفرد وعزلته عن المجتمع، ويرجع ذلك في الغالب إلى أسباب تطور التكنولوجيا وصعود الرأسمالية، ولذلك كان تأثيرها واضحا ولاسيما على طبقة الشباب. والاغتراب ظاهرة غريبة رسمت على وجوههم، فجذبت انتباه الباحثين في مجالات الاقتصاد والاجتماع والدين وعلم النفس والسياسة والوعي المجتمعي والعلوم والفلسفة والتعليم والأدب.
وقد اقتضت طبيعة البحث أن ينتظم في جزأين: تناول الجزء الأول مفهوم الاغتراب ومشكلة المفهوم نظريا. وعني الجزء الثاني بالجانب التطبيقي.

**الكلمات المفتاحية** :غربه، العزلة، الحب، الغيرة، الشك.


## Abstract

**The strangeness of the novel by (Nazila) Yassin Khalani**
The individual feels unable to influence the social situations around him and himself when he loses his hidden human feelings and needs, and has a sense of separation from cultural and social relations. Strangeness is a state in which a person feels unable to change the conditions of his life, he is a social creature, and alienation is the result of social structures that destroy human beings and remove their human content. Alienation has dominated literature, modern art and the history of social thought, the distinctive characteristics of the strange personality is that it feels lonely and isolated, which is a dangerous feature within society, and has exerted a lot of pressure on the individual and his isolation from society, mostly due to the reasons for the development of technology and the rise of capitalism, and therefore its impact was clear, especially on the youth class. Alienation is a strange phenomenon painted on their faces, attracting the attention of researchers in the fields of economics, sociology, religion, psychology, politics, societal awareness, science, philosophy, education and literature. The nature of the research required that it be organized in two parts: the first part dealt with the concept of alienation and the problem of the concept theoretically. The second part dealt with the practical aspect.

**Keyword: Strangess, isolation, love, jealousy, doubt.**